# بەکارهێنانی هێمای هاشتاگی (#) میدیایی بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان

**هێمن ئەمین جەلال شوانی[1]**

[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[1]بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

هاشتاگ(#) لەم سەردەمەدا ئامرازێکی کاریگەرە لە میدیای نوێ بۆ دەربڕینی کێشەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵک، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێداچونەوەیە؛ شیکردنەوە بۆ کاریگەریی هاشتاگەکان وەک ئامرازێکی میدیایی نوێ لە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دەکات، لەهەمانکاتدا شیکاری بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی هاشتاگەکان بۆ بونیادنانەوەی کۆمەڵگە و هاندانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بۆ کارلێککردن و هاوبەشکردن دەدات، لەگەڵ زانینی کاریگەریی هاشتاگ لەسەر ڕەفتاری بەکارهێنەران و بەشداریکردن لە کەمپەین و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێییەکان و ئاشنابون بە کاریگەرییە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەکارهێنانی هاشتاگەکان لەسەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بۆ باشتر ڕێکخستنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان. لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە میتۆدی پەسنیی شیکاری بەستراوە، بۆ ئەو مەبەستە نمونەمان بە هاشتاگەکانی (#MeToo)، (#BlackLivesMatter)، (#IceBucketChallenge) هێناوەتەوە، کە توانیویانە چ گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەندروستی لە جیهان بەدی بهێنن و، کۆمەڵێک کەسایەتی و بەرپرس بهێننە سەرهێڵ و ڕوبەڕوی دادگایان بکەنەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوتووە؛ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر، وەک ئامرازێکی نوێ و بەهێز بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیان، پشت بە هاشتاگ دەبەستن؛ بەتایبەت لە چۆنیەتیی هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و هاندانی گۆڕانکاری و چاکسازیی کۆمەڵایەتی. هەروەها ئەوەش ڕونبۆتەوە، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، دەبێ تێگەیشتنێکی باشیان لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی هاشتاگەکاندا هەبێت، بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و کاریگەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. هەروەک دەبێ شارەزاییی تەواویان لە بنەما تەکنیکییەکانی هاشتاگ لە پلاتفۆرمە جیاوازەکاندا هەبێ. هەروەها لە خاڵێکی دیکەی ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت؛ هاشتاگ دەتوانێ بابەت و پرسێکی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بکاتە بابەتێکی ترێند لە سۆشیال میدیا، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی ئاستی جیهانیی بزوتنەوەکە و کردنی بە تەوەرێکی گفتوگۆ لەسەر هەردو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، وەک ئەوەی بزوتنەوەی (#MeToo) ئەنجامیدا.

**وشە سەرەکییەکان:** هاشتاگ، میدیا، میدیای نوێ، ڕێکخستن، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان

## پێشەکی

میدیای نوێ بووەتە ئامرازێکی نوێی هەماهەنگی و ڕێکخستن بۆ نزیکەی گشت بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانی جیهان، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی بە ئینتەرنێتەوە پەیوەستن، ساڵانە و بگرە ڕۆژانە زیاد دەکات. ئەم پەرەپێدانە چەندایەتی و چۆنایەتییە لە ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندیکردندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆکردنەوەی سەرچاوە مەعنەوییەکان لە نێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دروستکردووە، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ فەزای گشتیدا داڕشتووەتەوە و ڕەوتی زانیارییەکانیانی بۆ لەقاڵبداوە. هاوکات بە بەردەوامی گۆڕانکاریی گەورە لە پێکهاتەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕودەدات.

بە سەرنجدان لە بڵاوبونەوەی بەرفراوانی میدیای نوێ بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت، دەبینین هەوڵە زانستیەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، لەبارەی ئامرازە جیاکانی میدیای نوێ، زیادیان کردووە. هێمای هاشتاگ یەکێکە لەو ئامرازانەی بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ مەبەستی جیا و بۆ پێناسەکردنی چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ ڕوداوەکان یان بابەتەکان بەکاردەهێنرێن.

هاشتاگ لە وشەیەک یان چەند وشەیەک پێکدێت، کە هێمای "#" لە پێشی دادەنرێت، ئەوەش بە مەبەستی پۆلێنکردنی ناوەرۆکی پەیامێک و باشترکردنی تواناکانی گەڕانە، هاشتاگ نەک تەنیا بۆ لایەنی زانستی کۆمپیوتەر گرنگە، بەڵکو بۆ زانستە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٧ نیسان ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٥ ئایار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ کاوە دەستوورە، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp113-122

کۆمەڵایەتی و سیاسی و بازرگانی و ئابورییەکانیش گرنگە و جێگەی هەڵوەستەکردنە؛ هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە بەدواداچون بۆ سودەکانی چالاکیی هێزای هاشتاگ، وەک کردەیەکی پراگماتیکیی بەکۆمەڵ، دەکات. بەکارهێنانی ستراتیژی هاشتاگ بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، یەکێکە لە بابەتە زیندوەکانی ئەم سەردەمە، بۆ زانینی کاریگەریی ڕێکخستنی نوێ لە بەدیهێنانی ئامانجەکان، بۆیە گرنگیی ئەم توێژینەوە پێداچونەوەیە؛ هەوڵێکی زانستییە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم بوارەی زانست، لە ڕێگەی شیکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە بە خستنەڕووی بیروڕای زانایانی بوارەکە و سەرچاوە زانستییەکان، هەروەک ئامانجی توێژینەوەکەش بریتییە لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی کاریگەریی هاشتاگەکان وەک ئامرازێکی میدیایی نوێ لە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان.

توێژینەوەکەش بەم شێوەیە ڕێکخراوە، بەشی یەکەم؛ بۆ ڕەهەندەکانی توێژینەوە و خستنەڕوی چەمکەکان و خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشو و تاوتوێکردنیان تەرخان کراوە، لە بەشی دووەمیشدا بە دو باسی جیاواز، باس لە مێژو و تایبەتمەندییەکانی هەریەک لە هاشتاگ و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کراوە، هەروەک لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا؛ باس لە بەکارهێنانی هاشتاگ لەلایەن بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان کراوە و بەشێوەیەکی زانستی تاوتوێکراوە، لە کۆتاییشدا دیارترین ئەنجامەکان و چەند پێشنیاز و هەندێک ڕاسپاردە بۆ ئاراستەی کارەکانی داهاتو خراونەتەڕو.

## 1. کێشە و گرنگی و ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

### 1.1 کێشەی توێژینەوەکە:

لەم چەند ساڵەی دواییدا هاشتاگی میدیایی بۆتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لەسەر ئاستی جیهانی و تەواوی سنورەکانی تێپەڕاندووە. لە هەرێمی کوردستاندا، چەمکی هاشتاگی میدیایی لەسەر ئاستی تاک و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و تەنانەت لە ناوەندە ئەکادیمییەکانیشدا چەمکێکی نوێیە، ئەگەرچی لە بەشێك لە وڵاتانی خۆرئاوا خەریکە سیما و ئاراستەی کاری ئەم شێوازە ڕۆژنامەوانییەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، بەرەو خەملین و پێگەیشتن دەچێت، بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی لە قۆناغی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی و بە تایبەت لەلای بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان ئەم ئامرازە میدیاییە ڕۆڵ و کاریگەریی لە ڕێکخستنی چالاکییەکانیان و، بەدیهێنانی ئامانجەکانیان هەبوە؟ لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، ئەم پرسیارانەی خوارەوە بونەتە پرسیارەکانی توێژینەوە:

- بەکارهێنانی هاشتاگەکان، چۆن کاریگەری لە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا هەیە؟
- هاشتاگەکان چۆن بەشداری لە بونیادنانی کۆمەڵگەی مۆدێرن و پتەوکردنی کارلێک و بەشداریکردنی زیاتری خەڵک لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دەکەن؟
- کاریگەریی بەکارهێنانی هاشتاگ لەسەر ڕەفتاری بەکارهێنەران و بەشداریکردن لە کەمپەین و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان چییە؟
- هاشتاگەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر کەلتور و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی ئەندامانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان هەیە؟ ئایا توانای بەشداریکردن لە دروستبونی بەها و بیروباوەڕە هاوبەشەکان دەبێ؟
-ئایا جیاوازی لە بەکارهێنانی هاشتاگ لە نێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە کەلتور و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە؟

### 1.2 گرنگیی توێژینەوە:

لە سەردەمی مۆدێرندا؛ سۆشیال میدیا بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی ڕۆژانەمان، چونکە شێوازەکانی بەکارهێنانی گەشە و گۆڕانکارییەکی گەورەیان کردووە، ئەوەش وایکردوە ڕەنگدانەوە و کاریگەریی بەرچاو لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و کەلتوری تاک و کۆمەڵگە دروست بکات، دەرکەوتنی هاشتاگی میدیایی کە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان؛ ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستن و چالاککردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، لەم چوارچێوەیەدا گرنگی ئەم توێژینەوە لە دوو لایەنەوە دەخەینەڕو:

گرنگیی لایەنی تیۆری: گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی تیۆرییەوە لەوە دایە، هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی چەندین بواری زانستی، ئەوەش لە ڕێگەی خستنەڕو و شیکردنەوەی بابەتی توێژینەوە بە خستنەڕوی بیروڕای زانایان و سەرچاوە زانستییەکان، هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە چۆن دیاردە نوێیەکان لە ناو کۆمەڵگە سەرهەڵدەدەن و بڵاودەبنەوە، بەپێی زانیاریی توێژەر ئەم توێژینەوەیە بە یەکێك لە توێژینەوە زانستییەکان لە بواری کۆمەڵناسیی بە گشتی و کۆمەڵناسیی شۆڕش و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسیی سیاسی بە تایبەتی دادەنرێت، کە بۆ کەڵەکەبونی زیاتری زانیاری و مەعریفەی زانستی لە بوارەکە و فراوانکردنی مەودای تێگەیشتن و خزمەتی زیاتری کۆمەڵگاکەمان، یارمەتیدەرە.

گرنگیی لایەنی پراکتیکی: لەسەر ئاستی پراکتیکی؛ هەوڵێکی زانستییە بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی هاشتاگی میدیایی، هەروەها بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ شێوازی بەکارهێنانی هاشتاگی میدیایی یارمەتیدەرە، چونکە هەوڵدەدات ڕۆڵی هاشتاگی میدیایی لە ڕێکخستن و چالاککردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بخاتەڕو، کە دەبێتە یارمەتیدەری زیاتر بۆ زانینی ئاستی ئەو پەرەسەندنەی لە پێگەی میدیادا هاتۆتەکایەوە..

### 1.3 ئامانجی توێژینەوە:

بەهۆی گرنگیی بابەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و ئەو ئەرکانەی لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا ڕوبەڕوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە گرفتی توێژینەوەکەدا خستومانەتەڕو، ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

- تێگەیشتن لە کاریگەریی هاشتاگەکان وەک ئامرازێکی میدیایی نوێ لە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا.
- شیکاری چۆنیەتیی بەکارهێنانی هاشتاگەکان بۆ بونیادنانەوەی کۆمەڵگە و هاندانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بۆ کارلێککردن و هاوبەشکردن.
- زانینی کاریگەریی هاشتاگ لەسەر ڕەفتاری بەکارهێنەران و بەشداریکردن لە کەمپەین و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێییەکان.
- ئاشنابون بە کاریگەرییە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەکارهێنانی هاشتاگەکان لەسەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بۆ باشتر ڕێکخستنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان.
- دەرخستنی ئاستی ڕۆڵ و پەیوەندیی هاشتاگی میدیایی، لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی کاری بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە بابەتە جیاوازەکاندا.

## 2. چەمکەکانی توێژینەوە

ناساندنی چەمك و زاراوەکان یارمەتیی خوێنەر دەدەن بۆ تێگەیشتن لەو بیروبۆچوونانەی توێژەر مەبەستیەتی پێی بگات، لێرەشدا گرنگترین زاراوە و چەمکەکانی ئەم توێژینەوە دەخەینەڕوو:

### 2.1 هاشتاگ (Hashtag):

هاشتاگ، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن کریس مێسینا (Chris Messina) لە مانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٧) بەکارهێنرا، هێمایەکە بریتیە لە (#)،بۆ زیادکردنی کارلێک لە نێوان بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت، ئەم نیشانەیە پێش وشەیەکی دیاریکراو دادەنرێت بۆ ئەوەی ببێتە بابەتی گفتوگۆی کراوە لە نێوان خەڵکدا. هەر لەو باریەوە پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمکە کراوە، لەو بارەیەوە؛ لاوکوکا (٢٠١٨) پێیوایە هاشتاگ بریتییە لە هێمای هاش (#) کە پێش وشەیەک یان دەستەواژەیەک دێ، لە وێبسایت و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی تویتەر، بۆ ناسینەوەی پەیامەکان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، بۆ کۆکردنەوەی ئەزمون و بۆچونی هاوبەش بە شێوەیەکی کاریگەر (Laucuka, 2018:57). هەروەها ئەلتەهمازی (2020) پێیوایە "هاشتاک بریتییە لە پۆستکردنێک لە سۆشیال میدیا بەژمارەیەکی زۆر، کە لەبەر ڕۆشنایی وشە، دەستەواژە یان ڕستەیەکی هاشتاگی باودا دەردەکەون و بانگەشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تێدایە" (Altahmazi, 2020). لەم توێژینەوەیە مەبەست لە هاشتاگ: زاراوەیەکە ئاماژەیە بۆ تاگێک؛ کە بە هێمای "#" (هاشتاگ) دەستپێدەکات و دواتر زنجیرەیەک وشە، یان ژمارە یاخود هێما دێ، کە لە میدیای نوێ و چوارچێوەی دیجیتاڵیدا لەلایەن بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بەکاردەهێندرێ وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە بابەتێکی دیاریکراو، هەروەک یارمەتیی بەکارهێنەرانی میدیای نوێ دەدات بۆ گەڕان بەدوای ناوەرۆکی بابەتە پەیوەندیدارەکانی ڕۆژ.

### 2.2 میدیا (Media):

کۆمەڵناسی ئەمریکی چارلس کولی پێی وایە میدیا ئەو میکانزمە دەگەیەنێت، کە بەهۆیەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤانە گەشە و پەرە پێ دەدات، هەروەها دەروناسی میدیایی ویلبرت شرام دەڵێ: میدیا بریتییە لە بەشداریکردن لە زانیاری بەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک هێمای بارکراو بە زانیاری (فاروق و، کەلاری، ٢٠١٣ :٢٠). لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە میدیا ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیە، بۆ گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ، بیرۆکە، بەها و کەلتورەکان لە سەرچاوەکانیانەوە بۆ جەماوەر بە بەکارهێنانی ئامرازی جۆراوجۆر بەکاردێت، بەئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی ڕای گشتی و داڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵگە.

### 2.3 میدیای نوێ (New Media):

فوکولتی پێیوایە میدیای نوێ، بریتییە لە کۆمەڵێک تەکنەلۆژیای پەیوەندی، بەهۆی ئاوێتەبونی کۆمپیوتەر و ئامرازە تەقلیدییەکانی میدیای چاپکردن، فۆتۆگرافی، دەنگ و ڤیدیۆ سەری هەڵداوە (فوکولتي، ٢٠١٤: ٦١٥). هەروەها صبطی (٢٠١٨) پێیوایە میدیای نوێ، میدیایەکی دینامیک و کارلێککارانەیە کە دەق و دەنگ و وێنە لە یەک فایلدا کۆدەکاتەوە و تەکنەلۆژیا ڕۆڵی گرنگی هەیە لە زیادکردنی کارلێک بۆ ئەم جۆرە میدیایە، چونکە ڕێگە بە خوێنەر دەدات کارلێک لەگەڵ دەقەکەدا بکات و بۆچونەکان پێشکەش بکات (صبطی، ٢٠١٨ : ٢٢). لەم توێژینەوەیەشدا مەبەست لە میدیای نوێ ئامرازێکە، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بۆ گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ و دروستکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات بە خێرایی و بە ئاسانی دەستیان بە زانیارییە هەمەچەشنەکان بگات و پەیام بە شێوەیەکی کاریگەر دروست بکەن و لەگەڵ یەکتری بۆچونەکانیان ئاڵوگۆڕ و هاوبەش بکەن، تاوەکو بەشداری لە دروستبونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسی و بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بکەن.

### 2.4 ڕێکخستن (Organize):

نیازی (٢٠٢٢) پێوایە ڕێکخستن بریتیە لەو پرۆسەیەی کە یارمەتیی تاک و گروپەکان دەدات بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی هەوڵ و پەیوەندی و دەرامەت و کارەکانیان، بەشێوەیەکی یەکسان لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجە هاوبەشەکان (نیازی، ٢٠٢٢ : ٢٣٧-٢٣٨). هەروەها لە کۆمەڵناسیدا، ڕێکخستن ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی فەرمی و نافەرمی، کە بەهۆیەوە بونیادی و گروپ و سەرچاوەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان دیاری دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ڕۆڵی هەریەک لە تاکەکان، نۆرمەکان و چۆنیەتیی کارلێکی تاکەکان لەناو پێکهاتە و گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا (خەلیل، ٢٠٠٩: ٣٢١). لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ڕێکخستن: ئاماژەیە بۆ شێوازی کارلێکی تاکەکان لە کۆمەڵگە و ئاراستەکردنیان بۆ چۆنیەتیی نواندنی ڕەفتارکردنیان و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر بە شێوەیەکی هەماهەنگ و ڕێکوپێک، بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی و ڕوداوە کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان کەلتورییەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان و یارمەتیدانیان بۆ کارلێککردن و بەشداریکردن لە چالاکیی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

### 2.5 بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان (New Social Movements):

لەبارەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی دەڵێن: فۆرمێکی دیاریکراوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بۆ دەربڕینی بەرژەوەندیی تەسکی گروپە بچووکە ڕێکخراوە مرۆییەکان سەریهەڵدا، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش و یەکگرتو، لەپێناو گۆڕینی هەندێک لە بارودۆخە باوەکانی کۆمەڵگە، کە لێی ناڕازین (عبدربە و، جلبي، ٢٠١٩). لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان: ئاماژەیە بۆ کۆبونەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ گوزارشتکردن لە داواکاری و پرس و ئاڵنگاریی نوێی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و کەلتوری، بە ڕێگەی ئاشتیانە و ئامرازی جۆراوجۆری وەک هاشتاگ ناڕەزایەتی دەردەبڕن و هۆشیاریی گشتی بڵاودەکەنەوە، لە ڕێگەی هاشتاگەوە هانی بەشداریکردنی جەماوەری دەدەن، بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکانی کۆمەڵگەکانیان هەبێت، بە ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چاکسازی و بەرگرییە لە بارودۆخی پەسندکراو یان ئەو بەهایانەی وەک کەلتورێکی پەرەسەندو باون.

## 3. توێژینەوەی پێشو و تاوتوێکردنیان

### 3.1 توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەی هاوبەشی ( Sylvana Virgina Agustya1, Kharisma Natalia & Irwansyah) لە ساڵی (2023) بەناونیشانی ( Communication Through Hashtags in Social Movements ). ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی

(پەیوەندیکردن لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی هاشتاگەوە)یە؛ ئامانجی شیکردنەوە و تێگەیشتنە لە پەرەسەندن و پەیوەندیکردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی هاشتاگەکانەوە؛ بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران پێداچونەوە و شیکاریان بۆ (٦٠) توێژینەوە زانستی لە گۆڤارە زانستیەکان کردووە، لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت، هاشتاگەکان وەک ئامرازێکی گرنگ؛ پشتگیری و ناڕەزایەتی و گفتوگۆکردن لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەهێز دەکات بۆ خستنەڕوی پەیامەکان، پەروەردەکردنی هاوکاری و پێشخستنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە دژی ستەم، جیاکاری و توندوتیژی. کاتێک هاشتاگەکان لە پلاتفۆرمە تایبەتەکانی سۆشیال میدیادا دەخرێنەڕو، وەک پردێک کاردەکات و ئاسانکاری بۆ وەرگرتنەوەی زانیاری و بەرزکردنەوەی گفتوگۆی نێوان گروپەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دەکات و باشتر دەتوانن ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن؛ بەبێ ئەوەی پێویستیان بە کۆمەڵگەی گەورە و بەرفراوان هەبێت، چونکە نەبونی پەیوەندیی ڕوبەڕو لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان هاندەری بەکارهێنانی هاشتاگە، ئەوەش گرنگیی تێگەیشتن لە پەیوەندی و چوارچێوەی نازارەکی لەناو ئەم کارلێکە ئۆنلاینانەدا دەردەخات.

توێژینەوەی هاوبەشی (Issam Mostafa Ta'amneh & Abeer Al-Ghazo) لە ساڵی (2021) بەناونیشانی (The Importance of Using Hashtags on Raising Awareness about Social Issues) ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (گرنگیی بەکارهێنانی هاشتاگ لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان)، ئامانجی توێژینەوەکەیان هەوڵدانە بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە سودە چاوەڕوانکراوەکانی بەکارهێنانی هاشتاگەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی خەڵک سەبارەت بە بۆنە و ڕوداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و زانینی جیاوازی لە نێوان نێر و مێ لە بەکارهێنانی هاشتاگ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لە توێژینەوەکەیاندا، کە (٢٥٢) کەس (١١٨ نێر و ١٣٤ مێ)یان کردۆتە نمونەی توێژینەوەکەیان، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، پێوەرێکی لیگەرتیان بەکارهێناوە، هەروەک بۆ شیکردنەوەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، پشتیان بە لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی (t) بەستووە. لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوتووە پلەی گشتیی سودە چاوەڕوانکراوەکانی بەکارهێنانی هاشتاگەکان لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاریی خەڵک سەبارەت بە ڕوداوە کۆمەڵایەتییەکان بەرز بووە ؛ جگە لەوەش، ئەنجامەکان دەریانخست کە هیچ جیاوازییەکی ئاماریی بەرچاو لە نێوان ڕەگەز (نێر و مێ) لە بەکارهێنان و پڕاکتیزەکردنی هاشتاگ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نەبووە، چونکە زۆربەیان ئاگاداری گرنگیی هاشتاگەکانن وەک ئامرازێکی بەهێزی پەیوەندیکردن لە زیادکردنی هۆشیاریی گشتی و کۆکردنەوەی زانیاری، بەرانبەر بە پرسێکی دیاریکراو.

توێژینەوەی هاوبەشی ( Felix Brunker, Magdalena Wischnewski, Milad Mirbabaie & Judith Meinert) لە ساڵی (2020) بەناونیشانی ( The Role of Social Media during Social Movements – Observations from the #metoo Debate on Twitter). توێژەران لەم توێژینەوەیەدا (ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە کاتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان – تێبینییەکان لە دیبەیتی #metoo لە تویتەر) ئامانجی سەرەکییان ئاشنابون بووە بە ڕۆڵی سۆشیال میدیا و کاریگەریی بەکارهێنەران لە پەرەسەندنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی ئۆنلاین، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران بزوتنەوەی(#metoo)یان کردۆتە نمونەی سەرەکی. توێژینەوەکەیان. لەو چوارچێوەیەدا شیکارییان بۆ شێوازەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان لەلایەن بەکارهێنەرانی چالاک لە کاتی گفتوگۆکردن بەکارهێناوە. بۆ ئەو مەبەستە (200) چالاکوانی بوارەکەیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس (تویتەر) وەرگرتووە و شیکاریان بۆ (1271) تویت کردووە، لە کۆتاییدا دەرکەوتووە چەندین کەسایەتیی جیاواز ڕۆڵیان لەناو مشتومڕ و گفتوگۆکانی (#metoo)دا هەیە؛ وەک ڕۆژنامەنوسان (20.5%)، کەسایەتییە تایبەتەکان (20.5%)، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (13%)و چالاکوانان و کەسایەتییە ناودارەکان (18.5%)، بە شێوازی خۆیان ڕۆڵی کاریگەر و بزوێنەری بڵاوبونەوەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی (#metoo) بوون، هەروەک لە میانەی شیکردنەوە بۆ ناوەرۆکی هاوبەشی هەر گروپێک، ئەنجامەکان ئاماژە بە پاڵنەرە جیاوازەکان دەکەن لە کاتی هاوبەشیکردنی ناوەرۆکی (#metoo) لەڕێگەی تویتەرەوە.

توێژینەوەی هاوبەشی (Philipp A. Rauschnabel, Pavica Sheldon & Erna Herzfeldt) لە ساڵی (2019) بەناونیشانی ( What motivates users to hashtag on social media?.). ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەی (پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی هاشتاگ لە سۆشیال میدیا چین؟) بریتییە لە زانینی ڕۆڵی هاشتاگ وەک ئامرازێکی بەهێزی پەیوەندیکردن لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە. بۆ ئەوەش توێژەران شەش توێژینەوەی ئەزمونی دەخەنەڕو؛ بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاشنابون بە پاڵنەرەکان بۆ بەکارهێنانی هاشتاگەکان. ئەنجامەکان دەریانخستووە (١٠) پاڵنەری جیاواز بۆ بەکارهێنانی هاشتاگەکان لەئارادان، ئەوانیش بریتین لە: ڕوداو، ڕێکخستن، نەخشەکێشان، خۆگونجاندن، پێوانەکردنی ڕەوت، پەیوەندیکردن، ئیلهامبەخشین، گەیشتن، پوختەکردن و پشتگیریکردن. جگە لەوەش دوپاتی دەکەنەوە کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەم (١٠) پاڵنەرە و شێوازە جیاوازەکانی ڕەفتاری سۆشیال میدیادا هەیە، هەروەها گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەش، هاشتاگەکان نوێنەرایەتیی توخمێکی پەیوەندیی هاوچەرخ لە ڕێگەی سۆشیال میدیا دەکەن و بەشداری لە تێگەیشتن و تێڕوانینێکی قووڵ بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی هاشتاگەکان بۆ پەرەپێدان و بڵاوبونەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیە جۆراوجۆرەکان دەکات.

توێژینەوەی هەریەک لە (Rong Wang, Wenlin Liu & Shuyang Gao) لە ساڵی (2016) بەناونیشانی ( Hashtags and information virality in networked social movement- Examining hashtag co-occurrence patterns). لەم توێژینەوەیەدا (هاشتاگ و ڤایرۆسی زانیاری لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی تۆڕەکان- پشکنینی شێوازەکانی هاوڕودانی هاشتاگەکان)، توێژەران بەم شێوەیە باس لە ئامانجەکانیان دەکەن، مەبەست لەم توێژینەوەیە ئاشنابونە بە بەکارهێنانی هاشتاگ لە تویتەر، وەک ستراتیژییەک بۆ بەرزکردنەوەی ڕوانین و هێزی هێمای زانیارییەکانی پەیوەست بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەک توێژینەوەکە ئامانجێتی شیکردنەوە لەڕۆڵی تایبەتمەندییەکانی هاشتاگ وەک ڤایرۆسێک، لە هاندان و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر (ئێکس)دا، بکات. بۆ ئەو مەبەستە توێژەران داتاکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وۆڵ ستریت لە ساڵی (٢٠١١) لە تویتەر کۆکردۆتەوە. ئینجا بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری ناوەرۆکی تۆڕەکان؛ هاشتاگە بەناوبانگەکانیان دەستنیشان کرد و شێوازەکانی پێکەوە ڕودانی هاشتاگەکانیان تاقیکردەوە، لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت، کە هاشتاگ ڕۆڵی کاریگەر و ڤایرۆس ئاسایان لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکە هەبوە بۆ نمونە، بەشداربوانی بزوتنەوەی (وۆڵ ستریت) لە ڕۆژانی ڕوداوە چاوەڕوانکراوەکاندا ناوەۆکی هاشتاگی ستراتیژیی زیاتریان بەکارهێنا بۆ ئەوەی بگەنە بازنەی کۆمەڵایەتیی جیاواز و کۆکردنەوەی کەسایەتییە کاریگەرەکان، وەک کەسایەتییە گشتییەکان لە دەوری پەیامەکانیاندا.

### 3.2 تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

بە پێداچونەوە بە توێژینەوەکانی پێشو کە باسیان لە پەیوەندیی نێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و چالاکیی هاشتاگ لە میدیای نوێ بەگشتی و سۆشیال میدیا بە تایبەت کردووە، بەشێوەیەکی گشتی توێژەراران؛ تیشکیان خستۆتە سەر کۆمەڵێک بابەتی بنەڕەتیی گرنگ.

توێژینەوەکان؛ توێژینەوەیان لە تایبەتمەندییەکانی هاشتاگ و رووماڵکردنی میدیایی لە چالاکیی و پرسەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی سوشیال میدیا کردووە. هەروەها توێژینەوەیان لە رۆڵی کاریگەری هاشتاگ لە رەخساندنی دەرفەتی گەیاندنی چالاکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا کردووە.

هاوکات؛ توێژینەوەیان لە رۆڵی میدیای نوێ بەتایبەت ئامرازی هاشتاگ لە پەیوەست بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کردوە بۆ رەخساندنی دەرفەتی بەشداریکردنی چین و توێژە جیاکان بەبێ جیاوازیی ئاین، نەتەوە، ئاینزا، چین و توێژە جیاکان لە گفتوگۆکاندا، ئەمەش خاڵێکی بەهێزە بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە پشت پرس و داواکارییەکانیان.

جگە لەوانەش، توێژەران توێژینەوەیان لە ئاستی کراوەیی میدیا نوێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و، ئەو پەیامانەدا کردووە کە ئەم بزووتنەوانە ئارەزووی گەیاندنیان بە رای گشتی کردوە بەتایبەت لە چۆنیەتی سود وەرگرتن لە ئامرازی هاشتاگ، هەموو ئەمانەش یارمەتی شیکاری وتاری بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بە شێوازێکی نوێ دەدات؛ بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی قووڵی پەیامەکان و، ئاشکراکردنی ئەو میکانیزم و ئامراز و ستراتیژیانەی کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان پشتی پێدەبەستن بۆ هێنانی پرۆسەی پەیوەندیکردن و کاریگەری دروستکردن لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگە.

## 4. دەرکەوتنی هاشتاگ لە میدیای نوێ و گرنگی و تایبەتمەندییەکانی

### 4.1 مێژوی دەرکەوتنی هاشتاگ

هاشتاگ بۆ یەکەمجار لە میدیای نوێ لە تویتەر (Twitter)(*) لەلایەن کریس مێسینا (Chris Messina)، ئەندامی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی دامەزراوەی کۆمپانیای گوگڵ، کە بەکارهێنەری تویتەریشە، لە (٢٣)ی مانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٧) بەکارهێنرا، مێسینا لە تویتەکەیدا هێمای (#)ی وەک رێگەیەک بۆ رێکخستنی پەیامەکان بۆ گروپی مانادار لە پێش وشەی '#barcamp' بەکارهێنا بۆ یارمەتیدان و رێکخستنی ناوەرۆک و بەستنەوەی پۆستە پەیوەندیدارەکان، ئامانجی سەرەکیی لەو کارە باشترکردنی گەڕان و دۆزینەوە بو لە تویتەر، لەو کاتەوە هاشتاگ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنراوە (Ta'amneh and Al-Ghazo, 2021:11-12).

لە سەرەتادا تویتەر هانی بەکارهێنەرانی نەدەدا هاشتاگەکان بەکاربهێنن، بەڵکو وەک دەستپێشخەرییەکی تاکەکەسی بەکاردەهات، بەڵام بە تێپەڕبونی کات تویتەر و پلاتفۆرمەکانی دیکەی وەک (ئینستاگرام و فەیسبووک)(**). لە میانەی پەرەپێدان و گۆڕانکاریی دیزاینەکانیاندا، هاشتاگیان کردە بەشێکی سەرەکی لە رووکاری پلاتفۆرمەکانیان.

هەرچەندە سەرەتا هاشتاگ بۆ پۆلێنکردنی بابەتێکی دیاریکراو دەستپێکرد، بەڵام ئێستا هاشتاگەکان پەرەیان سەندووە و چەند ئەرکێک جێبەجێ دەکەن، وەک دەربڕینی هەستەکان، پشتیوانیکردن لە بزوتنەوەکان، بەرزکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ بابەتە گرنگەکانی رۆژ، هاوکات بۆ جەختکردنەوە لەسەر پەیامەکان بەکاردەهێنرێن (Caleffi, 2015:47)، بۆیە ئێستا هاشتاگ بۆتە ئامرازێکی گرنگ لە رێکخستن و ئاراستەکردنی سەرنجی میدیاکان و زیادکردنی کارلێککردن و دروستکردنی کەمپەین و رێکخستنی کاری بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بۆ باشتر دەربڕینی بیرۆکە و بۆچونەکانیان و پۆلێنکردنی پەیامەکانیان و رێکخستنی هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکانیان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسە و بابەت و رووداوە کۆمەڵایەتییە جیاکان و زیادکردنی کارلێککردن لە نێوان بەکارهێنەران و ئەندامانیان.

چالاکیی هاشتاگ، بە یەکێک لەو رێباز و میتۆدە باوانە دادەنرێت، کە "کاریگەریی بەرچاوی لەسەر گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان هەیە، گەشەی بزوتنەوەی هاشتاگ لەم سەردەمەدا؛ هۆکارەکەی بۆ زۆربونی ژمارەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و زیادبونی ژمارەی بەکارهێنەرانی چالاک لە وڵاتانی جیاوازەوە، دەگەڕێتەوە" (Goswami, 2018) .

### 4.2 تایبەتمەندییە گرنگەکانی هاشتاگ

تێگەیشتن لە شێوازەکانی بەکارهێنانی هاشتاگ و رەفتاری پۆستکردن لەگەڵ زیادبوونی رەوتی زانیارییەکان بەهۆی رووداوە خێراکانەوە دەتوانێت یارمەتیدەری بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بێت بۆ پێشبینیکردنی رووداوەکانی داهاتوو یان دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ بابەتەکانی رۆژ، تایبەتمەندییە گرنگەکانی هاشتاگ بریتین لە:

- هاشتاگ بە شێوەیەکی گشتی لە وشەیەکی سەرەکی یان دەستەواژەیەکی کورت پێکدێت کە هێمای "#" لە پێشەوەیان دادەنرێت.

- ئەو هاشتاگەی کە دروست دەکرێت دەبێت پێشتر دروست نەکرابێت، وا باشتریشە ناونیشانی هاشتاگەکە کورت بێت و بە رونی باس لە بابەتەکە بکات، بۆ ئەوەی خوێنەر بێزار نەبێت و تێبگات باسی چی دەکات (رزگار، ٢٠٢١):.

- هاشتاگ دەتوانێت یەک وشە یان دەستەواژەیەک بێت، بەڵام گرنگە کەسەکە لە بەکارهێنانی بۆشاییی ناو دەستەواژەکە خۆی بەدووربگرێت، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت تەواوی دەستەواژەکە دەبێتە بەشێک لە هاشتاگەکە، واتا وشەکانی ناو هاشتاگ بەزۆری لە یەک ریز دەنوسرێن و نیشانەکانی خاڵبەندی لەخۆناگرن (فهمي، ٢٠١٨)، ئەگەر هاتو هاشتاگێک لە رستەیەک پێکهاتبو، بەم شێوەیە دەنوسرێ #نا_بۆ_توندوتیژی_دژ_بە_ژنان

- هاشتاگەکان، وەک هێمایەکی گرنگ، بۆ ناسینەوەی بابەتەکان یان رەوتەکان یاخود بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کاردەکەن. کاتێک هاشتاگێک بە بەردەوامی لە

(*) تویتەر (Twitter) لەئێستادا ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ (X)و تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە. لە (٢١)ی ئازاری ساڵی (٢٠٠٦) لەلایەن (جاک دۆرسی) دامەزرا، لە مانگی تەمووزی ساڵی (٢٠٠٦) بڵاوکرایەوە و خرایە بەردەست بەکارهێنەران. ئێستا یەکێکە لەو (١٠) تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە زۆرترین سەردانکەریان لە هەمو جیهاندا هەیە (CBS News, 2023 & Dey, and Conlin,2023).

(**) فەیسبوک خزمەتگوزارییەکی ئۆنلاینە لە سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە خاوەندارێتیی کۆمپانیای ئەمریکی مێتا پلاتفۆرم دەکات. لە ساڵی (٢٠٠٤) لەلایەن مارک زوکەربێرگەوە دامەزراوە (شوانی، ٢٠٢١ن ل:٧٨)، ئینستاگرام-یش تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆیە کە لە تشرینی یەکەمی (٢٠١٠) دامەزراوە(Frommer, 2010). فەیسبوک لە مانگی نیسانی (٢٠١٢)، ئینستاگرامی بە یەک ملیارد دۆلار کڕیەوە، لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی (٢٠٢١) کۆمپانیای "فەیسبوک" ناوی فەرمیی خۆی گۆڕی بۆ "میتا"، لەو وادەیەوە کۆمپانیای "میتا" خاوەنی بەرنامەکانی فەیسبوک و ئینستاگرام و واتسئاپە (Griffin, 2021).

پۆستەکاندا بەکاردەهێنرێت، دەبێتە خاڵ و ئاماژەیەکی گرنگ و بەربڵاو بۆ بەکارهێنەرانی ئارەزوی ئەو بابەتە لە میدیای نوێ(Mahfouz, 2020:85).

- هاشتاگەکان، لە زۆربەی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ و سۆشیال میدیادا، بەکلیککردن لەسەریان دەبێتە هۆی ئەوەی کە فیدێکی پۆستەکان هەبێت، هەروەها بەکارهێنەران دەتوانن بەدوای هاشتاگی تایبەتدا بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی ناوەرۆکی پەیوەندیدار.

- هاشتاگەکان، دەتوانن لە بونیادنانەوە و یەکخستن و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لەلایەن ئەو کەسانەی ئارەزوویان بۆ بابەت یان دۆزێکی دیاریکراو هەیە، کە لەلایەن بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دەوروژێندرێن، یارمەتیدەر بن؛ ئەوەش ئاسانکاری بۆ گفتوگۆ و پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەرانی میدیای نوێ دەکات، بەتایبەت لە نێوان ئەوانەی بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە (الحلواني، ٢٠٢٠).

- هاشتاگی ترێند ئەوانەن کە ئێستا بەناوبانگن یان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێن. زۆرجار پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا، بۆ تیشکخستنەسەر باس و بابەتەکانی ڕۆژ، هاشتاگی ترێندیان تێدایە.

- هاشتاگەکان زۆرجار لەلایەن بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بۆ مەبەستی بانگەشە بەکاردەهێنرێن، وەک ئەوەی بۆ هەڵمەتەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، یان هەڵمەتەکانی چاکسازی، یاخود بەپێچەوانەوە؛ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکاری دەهێنن.

- بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە ڕێگەی هاشتاگەکانیانەوە دەتوانن بەدواداچون بۆ ئاستی پەیامەکانیان بکەن، هەروەک لە پێوانەکردن و بەشداریکردن و کاریگەریی گەیشتنی کەمپەینەکانیان بەئامانجەکانیان یارمەتیان دەدات.

- بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان؛ دەتوانن لە ڕێگەی هاشتاگەکانیان خەڵکی لە ناوچە و چین و توێژی جیاواز بەیەکەوە ببەستنەوە و، لە دەوری بەرژەوەندییەکی هاوبەش کۆیان بکەنەوە.

## 5. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و تایبەتمەندییەکانیان

بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، ڕێک لە ساڵی (١٩٦٨)، لە میانەی بزوتنەوەکانی خوێندکاران و گەنجان سەریانهەڵدا، لە مێژوی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم بزوتنەوانە، بەپێی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەکان، گەشەکردنی بەرچاویان بەسەردا هاتووە (زهران، ٢٠٠٧ :١١-١٢)، لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان سەدەی ڕابردودا بزوتنەوەکانی وەک مافی ژنان، ئاشتی، مافی ئاژەڵان، مافی مرۆڤ، گەنجان، سێکس، دژە کەلتورەکان و کۆچبەری و بزوتنەوە ژینگەپارێزییەکان سەریانهەڵدا. ئەم بزوتنەوانە تیشکیان خستە سەر پرسە کەلتورییەکان و شوناسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا گەشەکردنیان بەخۆوە بینی و ڕەوتی بەرەو پرسە ژینگەییەکان و فرەچەشنیی کەلتوری زیادی کردووە (فارس، ٢٠١٧ :١٣٤)، بەوەش کاریگەرییەکی بەرچاویان لە گفتوگۆ گشتییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە.

لەگەڵ بڵاوبونەوە و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی، لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردودا، کاریگەریی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان زیاتر بووە؛ ئینتەرنێت و میدیای نوێ و سوشیال میدیا بوونەتە ڕێگەی ڕێکخستن و هاندانی ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ بەشداریکردن و گۆڕانکاری لە بوارە جیاکان و سەرنجی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانیش پەرەیان سەندووە بۆ ئەوەی پرسەکانی وەک مافی هاورەگەزخوازان، یەکسانیی جێندەری، پەنابەران، گۆڕانی کەشوهەوا، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و زۆر شتی تر لەخۆ بگرن.

لەلایەکی دیکەوە؛ دەبینین ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا لە دیموکراسیکردنی کۆمەڵگەکان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و فراوانکردنی بنکەی بەشداربووانیان یارمەتیدەر بون، چونکە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، هەم لە ئاستی ناوخۆ بەشداربوانی پاشخانی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت و بەدوای هاوکاریی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەگەڕێت، هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا هاوکاریی یەکتر دەکەن. بە تێپەڕبونی کات بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بەردەوام پەرەدەسەنن و خۆیان لەگەڵ ئالنگاری و دەرفەتی نوێدا دەگونجێنن(زید، ٢٠٢١ :٧٦). ئاراستەکردنی بەرەو شوناسە هاوچەرخەکان و پرسە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان؛ ئالنگارییەک بۆ کۆمەڵگە و سیاسەتەکانی دروست دەکەن.

مانوێل کاستێلس (1942-) کۆمەڵناسێکی ئیسپانییە، بە شێوەیەکی بەرفراوان توێژینەوەی لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کردووە، لە کتێبی (تۆڕەکانی تورەیی و هیوا؛ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتەرنێتدا)، لە خستنەڕوی ڕوداوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی و بزوتنەوەی (واڵ ستریت) چەندین تایبەتمەندیی سەرەکیی بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دیاری کردووە (کاستلز، ٢٠١٧ : ٢٤٨-٢٥٥)، کە بریتین لە:-

- **خاوەن پێکهاتەیەکی تۆڕین (Networked Structure) :** کاستێلس جەخت لەسەر سروشتی تۆڕیی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان دەکاتەوە و دەڵێت: ئەم بزوتنەوانە زۆرجار وەک تۆڕێکی لامەرکەزی کار دەکەن، کە ئینتەرنێت و مۆبایل و ئامرازەکانی دیکەی ئۆنلاین و ئۆفلاین ڕۆڵێکی سەرەکی لە توانای پەیوەندیکردن و ڕێکخستنی کاروبارەکانیان دەبینن.

- **دینامیکن و پەرەدەسێنن (Fluid and Evolving):** بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان دینامیکن و دەتوانن بە خێرایی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکاندا خۆیان بگونجێنن. ئەوان ستراتیژ و پێکهاتەکانیان لە وەڵامی ئاستەنگ و دەرفەتە نوێیەکاندا پەرەپێدەدەن.

- **پەیوەندیی ئاسۆیی (Horizontal Communication):** بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بۆ هەماهەنگی و هاوبەشکردنی زانیاری، پەیوەندیی ئاسۆیی لە نێوانیان بەکاردەهێنن، واتا زۆرجار پێکهاتەی پلەبەندی و سەرکردایەتیی فەرمییان نییە، بەڵکو بەشداربوان بە شێوەیەکی یەکسان بەشداری لە بڕیارەکاندا دەکەن.

- **ڕەهەندی جیهانی و ناوخۆیی (Global & Local dimension):** بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان تەنیا لە یەک نەتەوە یان ناوچەیەکدا قەتیس نین، زۆرجار ڕەهەندێکی جیهانیشیان هەیە، تاک و گروپەکانی ناوچە جیاوازەکانی جیهان، کە ئامانجی هاوبەشیان هەیە، لە ڕێگەی ئینتەرنێت بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بۆ خۆڕێکخستن سود لە ئەزمونەکانی دیکە وەردەگرن.

- **بەکارهێنانی میدیای نوێ(Use of New Media):** کاستێلز، دان بە ڕۆڵی میدیای نوێ دادەنێت، وەک پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، لە ئاسانکاری بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و کۆکردنەوەی بەشداربوان لەناو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەک بزوتنەوەکان بە بەردەوامی خۆیان هەڵدەسەنگێنن و، باسی ئەوە دەکەن کە چ جۆرە کۆمەڵگەیەک و دیموکراسییەکیان دەوێ.

- **کۆکردنەوە و ناڕەزایەتی (Mobilization and Protests):** بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان زۆرجار بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی ناڕەزایەتیدا دەکەن، لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە تا چالاکیی ئۆنلاین؛ بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان، لایەنگران

کۆدەکەنەوە و داوای گۆڕانکاری دەکەن. لە بنەڕەتدا بزوتنەوەکان ناتوندوتیژن، بەڵام ناچار دەکرێن کە شوێنە گشتییەکان بگرن یان پشت بە تاکتیکی تێکدەرانە ببەستن بەمەبەستی گوشارخستنەسەر دەسەڵاتداران.

### 6. بەکارهێنانی هاشتاگ لەلایەن بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانەوە

ئەو کاتەی ئینتەرنێت، مۆبایل، فەیسبوک و تویتەر و سۆشیال میدیاکانی تر نەبون، چالاکوانانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێکخستنی کردبونەوەیەک یان ڕێپێوانێک و گەیاندنی پەیامەکانیان فلایەریان دابەشدەکرد، یان هەندێک جار ڕیشاڵی تەلەفۆنییان بەکاردەهێنا: کەسێک پەیوەندیی بە دو کەسەوە دەکرد، هەریەک لەم دو کەسە پەیوەندییان بە دو کەسی دیکەوە دەکرد و...هتد، هاوکات چالاکوانان پەیوەندییان بە میدیاکانەوە دەکرد و داوایان دەکرد هەواڵێکی بچوک سەبارەت بەو کردبونەوە یان ڕێپێوانە پلانبۆداڕێژراوە لە ڕۆژنامەیەک یان لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆنەکانیاندا بڵاوبکەنەوە، بەڵام دەرکەوتنی میدیای نوێ و سۆشیال میدیا بونە پاڵپشتییەکی گەورە بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان؛ بە پەیامێک یان هاشتاگێک دەتوانن نارەزایەتییەک هەڵبگیرسێنن، سەدان و هەزاران کەس تێیدا بەشدار بن و بگاتە ژمارەیەکی بێشومار لە هاوولاتیان.

### 6.1 بەکارهێنانی هاشتاگ لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان

لێرەدا ئاماژە بە هاشتاگی چەند بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ دەدەین، کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن هەبوە، لەوانە:-

هەڵمەتی (MeToo#)، لە 15ی تشرینی یەکەمی 2017، لەلایەن ئەکتەری ئەمریکی ئەلیسا میلانۆ، لە پۆستێکدا لە سۆشیال میدیا دەستی پێکرد، تێیدا داوای لەو ژنانە کرد کە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسین، بە بەکارهێنانی هاشتاگی MeToo# (واتە: منیش) شایەتحاڵی بدەن، ئەم هاشتاگە دواتر وەک بزوتنەوەیەکی ژنان لەسەر ئاستی جیهان بڵاوبووەوە. ئەم هاشتاگە لە یەکەم ڕۆژدا (200) هەزار جار لە تویتەر بەکارهێنرا، ڕۆژی دواتر ژمارەکە گەیشتە زیاتر لە نیو ملیۆن کەس، ئێستا هاشتاگی (MeToo#) لە زیاتر لە (85) وڵات و بە چەندین زمان بڵاوبووەتەوە و بەیەکێک لە هەڵمەتە سەرکەوتووەکان لە بەکارهێنانی هاشتاگ بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، لەسەر ئاستی جیهان، لێی دەڕواندرێ (لینن، 2022).

بەهۆی ئەم هەڵمەتەوە، وەک نارەزایەتییەک بەرانبەر بە ئازاردانی جەستەیی و دەستدرێژیی سێکسی، زۆرێک لە خانمان لە سۆشیال میدیادا هاشتاگی (MeToo#) یان بەکارهێنا و چیرۆکەکانیان بڵاوکردەوە. بەهۆیەوە هۆشیاریی گشتی زیادیکرد و گۆڕانکاری لە ڕەفتاری سیاسییەکان بەدیهات؛ کۆمەڵێک کەسایەتی دەستیان لە کارەکانیان کێشایەوە، لەوانە (هارڤی واینشتاین) بەرهەمهێنەری بەناوبانگی فیلم، یەکێک بو لە یەکەم کەسایەتییە باڵاکان، لە مانگی تشرینی یەکەمی (2017)ەوە لە چوارچێوەی هەڵمەتی هاشتاگی (MeToo#) زیاتر لە (80) ژن سکاڵایان دژی تۆمارکردووە و (واینشتاین)یان بە ئازاردان و دەستدرێژیی سێکسی تۆمەتبارکردووە. لە ساڵی (2020) لە نیویۆرک و لۆس ئەنجلۆس دادگایی کرا، لە کۆتاییدا بە (23) زیندانی سزا درا (بی بی سی نیوز، 2020).

هەروەها (ئەلفرانکن) سیناتۆری پێشوی ئەمەریکا لە ویلایەتی مینیسوتا، (ڕۆی مۆر) وەزیری بەرگریی پێشوی بەریتانیا، (کۆنی تۆمبۆ) پەرلەمانتاری ئوستراليا، ئەکتەری ئەمریکی (بیل کۆسبی)، (ژان کلۆد ئارنۆڵت) فۆتۆگرافەری فەرەنسی و... چەندانی دیکە دوای ئەوەی لەلایەن ژنانەوە بە ئازاردان و دەستدرێژیی سێکسی تۆمەتبارکران، دەستیان لە پۆستەکانیان کێشایەوە و دادگایی کران (لینن، 2022).

ئەمانە تەنها چەند نمونەیەکن لە کەسایەتییە جیاکان، بەهۆی کاریگەریی بزوتنەوەی هاشتاگی (MeToo#)، نهێنیی دەستدرێژییە سێکسیەکانیان ئاشکرا کرا، بۆیە ئەم بزوتنەوەیە بەشدارییەکی کارای لە ئاشکراکردنی زۆرێک لە کەیسە نەزانراوەکان کرد و ڕێگەی بۆ ژنان کردەوە تا باس لە ئەزمونەکانیان بکەن، کە چۆن ڕوبەڕوی دەستدرێژیی سێکسی بونەتەوە.

هاوکات چەندین بزوتنەوەی دیکە بە سودوەرگرتن لە هەڵمەتی هاشتاگ کارەکانیان ڕێکخستووە و دەنگی خۆیان گەیاندووە، بۆ نمونە هاشتاگی ژیانی ڕەشپێستەکان گرنگە (BlackLivesMatter#)، دوای کوشتنی (ترایڤۆن مارتن) لە ساڵی (2013) دەستی پێکرد، ئەو هەڵمەتە لەو کاتەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە دژی پرسەکانی جیاکاریی ڕەگەزی و توندوتیژیی پۆلیس لە کارکردن بەردەوامە. هاشتاگەکە، پلەی سێیەمی هاشتاگە بەناوبانگەکانی بەدەستهێناوە، لە ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ گۆڕینی سیاسەت و بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەر بوو (ANDERSON, 2016). هەروەها هاشتاگی ئاڵنگارییەکانی سەتڵی سەهۆڵ (IceBucketChallenge#) یارمەتیدەر بووە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەبارەی نەخۆشیی ئەو کەسانەی دوچاری مردنی شانەکانی ماسولکەی شانیان دەبن، کە بە (Amyotrophic Lateral Sclerosis) ناسراوە، لە کەمپەینەکەدا ئاڵنگاری خەڵک کرا تا سەتڵێک ئاوی سارد بڕێژنە سەر سەریان و تۆماری بکەن و ڤیدیۆیەکە لە سۆشیال میدیادا بە هاشتاگی (IceBucketChallenge#) بڵاوبکەنەوە (Medrut, 2019). ئەم هەڵمەتە ملیۆنان دۆلاری بۆ دابینکردنی ئامێری پشکنین و چارەسەرکردنی نەخۆشیەکە و توێژینەوە و هۆشیارکردنەوەی خەڵک بۆ نەخۆشەکان کۆکردەوە.

ئەم چەند نمونەیە ئەوە نیشاندەدەن، کە هاشتاگەکان دەتوانن ئامرازێکی کارای بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بن لە هاندانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسی و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ڕوبەڕوبونەوەی جیاکارییەکان، ئەم نمونانە بەڵگەن لەسەر گرنگی و هێزی هاشتاگ لە سەردەمی مۆدێرندا.

### 6.2 بەکارهێنانی هاشتاگ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

لێرەدا، چەند نمونەیەکی هاشتاگی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیان و بەدیهێنانی گۆڕانکاری و چاکسازی لە بوارە جیاکانی کۆمەڵگە، سیاسەت، جیاکاری، ژینگە، تەندروستی و پرسە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەخەینەڕو؛ ئەمانەش بۆ ئاشنابون بە لایەنە جیاکانی هاشتاگ، گرنگن.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، چەند جۆرە هاشتاگێکیان لە بوارە جیاوازەکاندا دروستکرد، بۆ نمونە بزوتنەوەی گەنجان لە ساڵی (٢٠٢٣) وەک ڕێزێک لە توانای گەنجان هاشتاگی (#سوپاس_و_ڕێز_بۆ_گەنجانی_چالاک_و_سود_بەخش) ڕاگەیندرا، لە میانەی ئەو هاشتاگەدا گەنجان سوپاسی ئەو کەسانەیان دەکرد، کە بەپێی پسپۆڕی و توانای خۆیان سودێکی زۆریان بە گەنجان و کۆمەڵگە بەخشیوە، ئەوەش تا ڕادەیەکی باش لەناو بزوتنەوەی گەنجان لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەنگدانەوەی هەبوو. کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش بۆ پاڵپشتیکردن لە بزوتنەوە جیاوازەکان، هەڵمەتی هاشتاگیان لە چەند بوارێک ڕاگەیاند، بۆ نمونە کەناڵی ڕوداو لە ساڵی (٢٠٢١) بۆ پشتگیریکردن لە بزوتنەوەی ژینگەپارێزی؛ هاشتاگی (#فڕێمەدە Nehavêje#) ڕاگەیاند، ئامانج لەو

هاشتاگە لەپێناو پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و فڕێنەدانی زبڵ و خاشاک لە سەیرانگە و شوێنە گشتییەکان بو. کەناڵی سپێدەش "دژی هەوڵەکانی تێکدانی ڕەوشت و ئاکاری کۆمەڵگەی کوردستان هاشتاگی (#شوناس_پارێزی)ی ڕاگەیاند.
لەلایەکی دیکەوە، ئەنجومەنی دەرچوانی دانەمەزراو لە ساڵی (٢٠٢١)ەوە هاشتاگی (#بەڵێ_بۆ_دامەزراندنی_دەرچووانی_زانکۆ_و_پەیمانگاکان_بەپێی_ساڵی_دەرچوون_و_کۆنمرە) ڕاگەیاندوە، ئەنجومەنەکە لە ڕێگەی ئەو هاشتاگەوە داوا لەسەرجەم دەرچوان دەکات لە پێناو دامەزراندن و یەکسانی لە دامەزراندن و بۆ ئەوەی مافی هیچ دەرچویەک نەفەوتێت، داوا دەکەن بەدادگەری دەرگای دامەزراندنیان بۆ بکرێتەوە. هەروەها هاشتاگی (#نا_بۆ_توندوتیژی_دژی_ژنان)، جگە لەوانەش، چەندین هاشتاگی سیاسی لەلایەن پارت و لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتییە سیاسیەکان لە دۆخە جۆراوجۆرەکاندا ڕاگەیندراوە.

## 7. ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

### 7.1 ئەنجامەکان

لە ئەنجامدا، دەتوانین ئاماژە بەگرنگترین خاڵە گرنگەکانی بەکارهێنانی هاشتاگ لەلایەن بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانەوە بکەین، کە چۆن دەتوانێ لە ڕێکخستنی کاروبارەکانیان و گەیاندن و سەرکەوتنی هەڵمەتە جیاوازەکانیان ڕۆڵی هەبێت.
1. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێییەکان دەتوانن، هاشتاگ بە شێوەیەکی کاریگەر، وەک ئامرازێکی نوێ و بەهێز، بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیان بەکاربهێنن؛ بەتایبەت لە چۆنیەتیی هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و هاندانی گۆڕانکاری و چاکسازیی کۆمەڵایەتی.
2. چالاکوانان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە هەرێمی کوردستان، شارەزاییی تەواویان لە بەکارهێنانی هاشتاگدا نییە، بۆیە پێویستە هاشتاگەکان بە شێوەیەکی ستراتیژی بەکاربهێنن کە ببێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی بینەران و ڕێکخستنی کەمپەینەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەرتر.
3. هاشتاگی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دەتوانن ئەو کەسانە ڕابکێشن کە هەمان پرسیان هەیە یان هەست بە بەرژەوەندیی هاوبەش دەکەن، ئەمەش پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان بەشداربوانی بزوتنەوەکان زیاتر دەکات.
4. تاک و گروپەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاشتاگ، هاوکاری و پەیوەندی لە نێوانیاندا دروست دەکەن، بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی بەردەوام و بەرەوپێشبردنی هۆشیاری لە پرسە گرنگەکاندا بەدی بێ.
5. هاشتاگ دەتوانێ بابەت و پرسێکی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە سۆشیال میدیا بکاتە بابەتێکی ترێند، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی ئاستی جیهانیی بزوتنەوەکە و کردنی بە تەوەرێکی گفتوگۆ لەسەر هەردو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا، وەک ئەوەی بزوتنەوەی (#MeToo) ئەنجامی دا.
بە کورتی هاشتاگەکان نوێنەرایەتیی ئامرازێکی بەهێز دەکەن لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، بۆ کاریگەریی کۆمەڵایەتی و سیاسی، دەتوانن بەشدارییەکی بەرچاو لە گۆڕینی واقیع و داڕشتنی ڕای گشتیدا بکەن.

### 7.2 پێشنازەکان

بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، هەندێک پێشنیاز دەخەینە بەردەست بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، ڕەنگە بۆ باشتر ڕاپەڕاندن و ڕێکخستنی کارەکانیان و تێگەیشتن لە کاریگەریی هاشتاگ (#)، یارمەتیدەریان بێ:
1. پێشنیاز دەکەین، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان هەڵوەستە لەسەر هاشتاگ بکەن و هەوڵ بدەن بە شێوەیەکی ستراتیژی، بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسە جۆراوجۆرەکانیاندا بەکاریهێنن، ئەمەش بە دروستکردنی هاشتاگی سەرنجڕاکێش دەبێت.
2. باشترە ڕێکخەرانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە هەرێمی کوردستان، لە بەکارهێنانی هاشتاگەکان بۆ پەیوەندیکردن و کارلێککردن و دروستکردنی تۆڕی پشتیوانی، هانی بەشداربوان بدەن؛ چونکە هاشتاگ دەتوانێت ڕێگەیەک بێت بۆ یەکخستنی تاکەکان لە دەوری دۆزی هاوبەشدا.
3. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، دەتوانن هاوکاریی میدیا و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی گشتی بەدەستبهێنن، بۆ فروانکردنی هاشتاگەکانیان؛ تا ببێتە پرس و بابەتی ڕۆژ.
4. دەکرێ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هاشتاگەکان بۆ هاندانی بەشداریی سیاسی و بەشداریکردن لە پڕۆسەکانی دیموکراسیدا بەکاربهێنن، بۆ ئەوەش دەبێ تاکەکان بۆ بەکارهێنانی هاشتاگ بۆ دەربڕینی دەنگی خۆیان و بەشداریکردن لە پرۆسە سیاسییەکان هان بدەن.
5. پێشنیاز دەکەین بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، سود لە ئەزمونە سەرکەوتووەکانی بەکارهێنانی هاشتاگ، لەلایەن بزوتنەوە جیهانییەکان، وەربگرن بۆ بەهێزکردنی کەمپینەکانیان.

### 7.3 ڕاسپاردە

گرنگە توێژەران، توێژینەوە لە لایەنە جیاکانی هاشتاگ بکەن، لەوانە:-
1. شیکردنەوەی کاریگەریی هاشتاگەکان لەسەر هۆشیاریی گشتی و هاندانی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی.
2. خستنەڕوی کاریگەریی هاشتاگەکان لەسەر داڕشتنی سیاسەت و گۆڕانکارییە یاساییەکان سەبارەت بەو پرسانەی کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان پشتگیرییان دەکەن.
3. بەراوردکردن لە نێوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وڵاتانی دیکە، سەبارەت بە ڕۆڵی هاشتاگەکان لە ڕێکخستنی بابەتی جێ بایەخی نێوانیان.
4. کاریگەریی هاشتاگ لە دروستکردنی گفتوگۆی گشتیدا.
5. ئەم توێژینەوانە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە فرەڕۆڵیی هاشتاگەکان، لە ڕێکخستنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و کاریگەرییەکانیان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسەتدا.
6. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دەبێ تێگەیشتنێکی باشیان لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی هاشتاگەکاندا هەبێت و بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و کاریگەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. هەروەک دەبێ شارەزاییی تەواویان لە بنەما تەکنیکییەکانی هاشتاگ لە پلاتفۆڕمە جیاوازەکاندا هەبێت.

## لیستی سەرچاوەکان

بی بی سی نیوز (2020) هارفي واينستين: السجن 23 عاما لـ "متحرش هوليوود" بعد إدانته بالاغتصاب والاعتداء الجنسي، لەم بەستەرە بەردەستە (هارفي واينستين: السجن 23 عاما لـ "متحرش هوليوود "بعد إدانته بالاغتصاب والاعتداء الجنسي BBC News - عربي) ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٣/١١/٤).

الحلواني، محمد إسماعيل (2020) قصة أول ظهور للهاشتاج، لەم بەستەرە بەردەستە (جوَّك | قصة أول ظهور للهاشتاج - بقلم محمد إسماعيل الحلواني(jawak.com) ) ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٣/١١/١).

خەلیل، معن (٢٠٠٩) ڕەخنەی هزری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ (وەرگێڕانی: شەهلا وەلی جەبار)، دهۆک: چاپخانەی خانی.

رزگار، محەمەد (٢٠٢١) هاشتاگ واتای چییە؟ لەم بەستەرە بەردەستە (هاشتاگ واتای چییە؟ (zaniary.com)) ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٠/٣١).

زهران، فريد (2007) الحركات الاجتماعية الجديدة، مصر: مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان.

زيد، عبدالحميد يونس (2021) عولمة الحركات الاجتماعية الاحتجاجية دراسة ميدانية لمجموعة من الحركات الاجتماعية السياسية في مصر، جامعة عين شمس: حوليات آداب عين شمس، المجلد 49، العدد 3، الصفحة 50-143، AAFU.2021.182091/10.21608

شوانی، هێمن ئەمین (2021) ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هەولێر: ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان.

صبطي، عبيدة (2018) الاعلام الجديد والمجتمع، مصر: المؤسسة العربية للتربية والعلوم والآداب.

عبدربه، أمل عادل و، جلبي، علي عبد الرازق (2019) الحركات الاجتماعية الجديدة وحقوق الإنسان: تحليل نقدي لخطاب حركات مناهضة العولمة بمصر، لەم بەستەرە بەردەستە (politics-dz.com) ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٣/١٠/٣٠).

فارس، سيد (2017) الحركات الاجتماعية الجديدة، والعنف بحث في الأنثروبولوجيا السياسية، جامعة عين شمس: حوليات آداب عين شمس، المجلد 45، العدد 3، الصفحة 130-175، AAFU.2017.18408/10.21608

فاروق، کەمال و، کەلاری، محەمەد عەبدوڵڵا (2013) دەروونناسی میدیایی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

فوكولتى، رحيم مزيد علي (٢٠١٤) أخلاقيات الإعلام الجديد دراسة تحليلية لآراء عينة من العاملين في المواقع الألكترونية العراقية، مجلة الاداب الفراهيدى، عدد ١٨، ٦٠٨-٦٤٧.

فهمي، أسماء (2018) كل ما تريد معرفته عن الهاشتاج واستخداماته على منصات التواصل الاجتماعي، لەم بەستەرە بەردەستە (wuilt.com) ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٣/١١/١).

كاستلز، مانويل (2017) شبكات الغضب والأمل: الحركات الاجتماعية في عصر الإنترنت (المترجم: هايدي عبد اللطيف)، بيروت/ الدوحة: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.

لینن، کريستين (2022) - #MeToo خمس سنوات على "هاشتاغ" هز العالم ، لەم بەستەرە بەردەستە ( - #MeToo خمس سنوات على "هاشتاغ "هز العالم | سياسة واقتصاد | تحليلات معمقة بمنظور أوسع من06.10.2022 | DW | DW ) ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٣/١١/٤).

نیازی، عەبدولمەجید (2022) فەرهەنگی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی (وەرگێڕانی: عەبدولسەتار خدر) تاران: چاپخانەی تاران.

Agustya1, Sylvana Virgina, Natalia, Kharisma & Irwansyah (2023) Communication Through Hashtags in Social Movements: A Systematic Literature Review, Journal of World Science, Vol. 2 No. 10, P: 1563-1573, https://doi.org/10.58344/jws.v2i10.447.

Altahmazi, Thulfiqar Hussein (2020) Collective pragmatic acting in networked spaces: The case of #activism in Arabic and English Twitter discourse. Lingua Volume 239, ISSN 0024-3841, DOI: https://doi.org/10.1016/j.lingua.2020.102837.

Brunker, Felix, Wischnewski, Magdalena, Mirbabaie, Milad & Meinert, Judith (2020) The Role of Social Media during Social Movements – Observations from the #metoo Debate on Twitter, University of Hawaiʻi at Mānoa: Proceedings of the 53rd Hawaii International Conference on System Sciences. 2356-2365. http://hdl.handle.net/10125/64030.

ANDERSON, MONICA (2016) The hashtag #BlackLivesMatter emerges: Social activism on Twitter, Retrieved from: History of the hashtag #BlackLivesMatter: Social activism on Twitter | Pew Research Center, Accessed 4.11.2023

Caleffi, P. (2015) The 'hashtag': A new word or a new rule? Skase Journal of Theoretical Linguistics. 12 (2). 46-69. Retrieved from: http://www.skase.sk/Volumes/JTL28/pdf_doc/05.pdf, Accessed 3.11.2023.

CBS News (2023) Twitter is now X. Here's what that means, Online, Retrieved from: Twitter is now X. Here's what that means. - CBS News , Accessed 31.10.2023.

Dey, Mrinmay and Conlin, Michelle (2023) Elon Musk says Twitter's blue bird to be replaced by an X, Online, Retrieved from: Elon Musk says Twitter's blue bird to be replaced by an X | Reuters , Online, Available from :

Frommer, Dan (2010) Here's How To Use Instagram, Online, Retrieved from: What Is Instagram? (businessinsider.com) Accessed 1.11.2023.

Goswami, Pratim Goswami (2018). Social Media and Hashtag Activism. Online, Retrieved from: (9) (PDF) Social Media and Hashtag Activism (researchgate.net) Accessed 31.10.2023.

Griffin, Andrew (2021) Facebook changes name to 'Meta' as it focuses on metaverse and tries to move on from controversies, Online, Retrieved from: Facebook changes name to 'Meta' as it focuses on metaverse and tries to move on from controversies | The Independent, Accessed 1.11.2023.

Laucuka, Aleksandra (2018) Communicative Functions of Hashtags, Economics and Culture, Volume (15) - Issue (1) P: 56 – 62, DOI: https://doi.org/10.2478/jec-2018-0006.

Mahfouz, Iman M. (2020) The Linguistic Characteristics and Functions of Hashtags: #Is it a New Language? Arab World English Journal (AWEJ) Special Issue on CALL, (6) P.84-101, DOI: https://dx.doi.org/10.24093/awej/call6.6.

Medrut, Flavia (2019) Remember the Ice Bucket Challenge? What Difference Did It Actually Make?, Retrieved from: Remember the Ice Bucket Challenge? It Actually Made a Difference (goalcast.com),

Accessed 3.11.2023.

Rauschnabel, Philipp A. Sheldon, Pavica & Herzfeldt , Erna (2019). What motivates users to hashtag on social media?. Psychology & Marketing, 36(5), 473-488. https://doi.org/10.1002/mar.21191.

Ta'amneh, Issam Mostafa & Al-Ghazo, Abeer (2021) The Importance of Using Hashtags on Raising- Awareness about Social Issues, Macro think Institute: International Journal of Learning and Development Vol. (11), No. (4) P: 10-24, DOI: https://doi.org/10.5296/ijld.v11i4.19139

Wang, Rong & Liu, Wenlin and Gao, Shuyang (2016) Hashtags and information virality in networked social movement- Examining hashtag co-occurrence patterns, Online Information Review, Vol. 40 Iss 7, P: 850 – 866, http://dx.doi.org/10.1108/OIR-12-2015-0378.